**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٤٨٣٩ لە ٢٠٢٥/٨/١٤**

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی گوندی (قەشەفرا سەری)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١١٤٠) لە ٢٠٢٥/٤/٦ و نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٠٥٢) لە ٢٠٢٥/٧/٨ و دوا بە دوای نووسراومان ژمارە (١٨٣٢١) لە ٢٠٢٥/٦/١١ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**قەشەفرا سەری**) و چەسپاندنی لەسەرنەخشەی کادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم /٦) و ماددەی (دووەم /٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە قەزای سێمێل لە سنووری پارێزگای دهۆک بەڕووبەری (٨٠-٢-٢٨١ ) دووسەدوو هەشتا و یەک دۆنم و دوو ئۆلک و هەشتا مەتر دوو جا لە سەر پارچە زەویەکانی ژمارە (١/١ و ١/٢ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦) لە سەر کەرتی (٧٣ / قشافر) و ژمارە (١) لە سەر کەرتی (١١١ / جبل قشافر) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت
.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**